www.kurdistannet.org 12-9-2002

# ئاين لەنێوان لێبوردن و توندوتیژیدا

## ( چەند پەراوێزێك بۆ وەڵامدانەوەی مەلا كرێكار / بەشی دووەم )

ئیسماعیل حەمەئەمین

٢٨.ئا پریل .٢٠٠٢

بەڕێـزان ئـەم گوتــارە و گوتـارێـكی دیكەم بەنێوی (كۆمیدیای ئیسلامیست و عەلمـانی كوردی ) لەوەڵامی چاوپێكەوتنێكی هەفتەنامەی (هاولاتی) لەگەڵ بەڕێـز مەلا كرێكاردا لە مانگی چوار (ئاپریل) دا نووسی ، دەبوایە ئەم دووگوتارە لەكاتی خۆیدا و وەك ترادیسیۆنی باوی ڕۆژنامەنووسی بڵاوبوایەتەوە، بـەڵام بۆمـاوەی مانگێـك گوێچـكەی كـەڕ درا بــە وەڵامـەكان، چـەند جارێـك بەئیمێـل بـۆم ناردن ودوای ڕوونكردنەوەم لێكردن كەچی بیروكراتیەكێكی ڕۆژنامەنووسـی تێـكەڵ بە غرورێكی ناڕۆشنبیرانە لەو دیوو ئەو بێدەنگیەوە وەستابوو، بەڵام هەر بێدەنگیم هەڵبژارد و تـاوەكو هاوڕێی شاعیرم هیوا قادر گەڕایـەوە بـۆ سلێمانی بەمانای چوار مانگ دوای ناردنی یەكەمی گووتارەكان، لەوێ هیوا بەدەستی وبەشەخسی هەردوو گوتارەكەی دابووە دەستیان پێش هەفـتەیەك لەمەوبـەر پێـیان گووتـبوو داوی لێـبوردن دەكـەین بابەتەكان زۆر دوورودرێژە ناتوانین بڵاوی بكەینەوە!!، دیارە ئەم حونجەتە تازە نیە ، لەوەتـەی ڕۆژنامـەی عێـراق هەیـە كەنەیەوێـت بابەتێـك لەبەر جیاوازی بیروڕاو فكر بڵاوكاتەوە ئەم حونجەتە كۆنە لەچەكمەجەكانی بیروكراتیەتی ڕۆژنامەكانـیان دەردەهێـنن و مەسـەلەكان بەم حونجەتە ناشرینە كۆنینەیە دادەپۆشن ـ بەتـاییەت كاتێك بەرامبەر نوسەرێك ببنەوە كەنەتوانن هەڵەی زەقـی دیكـەی زمانـەوانی یـاوەكو فۆرمولـەی لێبدۆزنەوە، بەهەرحاڵ دەبوایە هاوڵاتی كەڕۆژنامەیەكی ڕادیكاڵە و كاری زۆر چاكی بەئەنجامگەیاندووە حونجەتێـكی دیكـەی بدۆزیاتــەوە، هەرچـەندە مامەلەكـردن لەگەڵ دەقدا مەرجێكی گرنگی كاری ڕۆژنامەوانی نوێیە، ئەمە جگەلەوەی ئاگاداركردنەوەی نوسـەری بابەتــەكان بـەوەی بابەتاكانـیان بـڵاو دەبێــتەوە یان نا ساكارترین ئەركە بۆ ڕۆژنامەیەك، بەتـاییەت ڕۆژنامەیەك كە تۆزێك ڕادیكاڵ بێت و بیەوێـت لەكێشـە كۆمەڵایەتكاندا جۆرێك ڕێڕەوە و ڕەخنەی تازە بەرهەمبهێنێ ، من زۆر غەمبارم كەماوەیەكە قەربالغیەكی سەیر دەبینیم لەو ڕۆژنامەیە كەسەرەتایەكی باشی دەستپێكردبوو.

ئـەوەی زێـدەتر غەمـباری كـردم ئـەوە بـوو بۆچـی ئەوانـەی بەتەشەرە و ئەگرەسیڤیەتەوە وەڵامی كرێكاریان دایەوە و تۆزێك لەسەر حسابی كرێكار و ئیسـلامیزم خۆیـان پۆشـتاكردەوە بـە بەرگی مۆدێرنە وسكولاریستی، ئەوانە وەڵامەكانیان بڵاوكرایەوە و گوتارەكانی من نا؟؟.. سەیرە من ئێستا بیر لەو قسـەیەی كرێـكار دەكەمـەوە كـە لـە چاوپێـكەوتنەكەدا گاڵـتەی بەدیموكراسـی و عەلمانیەت دەكرد، كامە دیموكراسی وكامە عەلمانی !! من دیسانەوە دووبـارەی دەكەمـەوە كەكرێـكار ڕاسـت دەكـات !! ڕاسـت دەكات جیاوازی چیە لەنێوان ئەوەی تۆ گەر مەلائەیوبێكی ئەفغانی گوتارێكی سەد لاپەڕەیت بۆ بنێرێـت بەسـەدجاریش بێـت بـۆی زنجـیرە بـەند دەكرێـت و بـەزنجیرە بـۆ ی بڵاو دەكرێتەوە، یاوەكو هەر مەسئولێكی نەخوێنداوەر بێت كەزۆربەی ئەو گووتـارانە پڕێتی لەهەڵەی ڕێنووس جـچای تەشەنەو پەیڕەو نەكردنی بچوكترین پرنسیبی تێگەیشتن( بۆنمونە ئەو هەموو ناتێگەیشتنە سەیرەی ڕامیار مـەحمود دەربـارەی چاوپێـكەوتنەكەی فـاروق ڕەفـیق كـەخۆم لـەزۆر خـاڵدا لەگـەڵ فـاروقدا نـیم بـەڵام بـێ ڕەچـاوكردنی ئەو هەموو گوتارە فیكری وفەلسـەفیانەی فـاروق لـەوەو بـەر بڵاویكـردنەتەوە و بێڕەچـاوكردنی ئەو باگراوەندەفەلسەفیە گەورەیەی فاروق هەیەتی، تۆمەتەباركردنی ئەو زاتە بەئیسـلامیەت جگـە لەتوڕەبوونێـكی مەشـروعدار نەبێت هیچی دیكە هەڵناگرێت)، كەچی ئەو تۆمەتباركردنە بڵاو دەكرێتەوە و گوتاری دیكە كەلەچەند دیدێـكی چیرۆكنووسـانە یـاوەخود چەند دیدێكی هەمەلایەنی دەربارەی مۆڕاڵ ولێبوردن و تۆلەرانس بڵاو ناكرێتەوە بەحونجەتی دووردرێژی !!، كرێكار ڕاسـت دەكات كامە سكولاریزم كەئەمە مامەڵەی ڕۆژنامەیەكی بەنێو ڕادیكاڵ بێت، ڕۆژنامەیەك لەوانەیە لەدەركەوتنیدا زۆر بێلایەن و ڕادیكاڵ دەركەوێت ، بەڵام لەمامەڵەدا هەمان میتۆدی كۆنینەیە و بەشەرمەوە و وورده وورده خۆی لایەنباز دەكات بە چەند ڕێڕەوێكی دیاریكراو كەهێشتا شێوەكانی دیارنین ، هـەروەكو ئەوەی ڕاكردنی نووسین ودەقی ڕۆژنامەیی بۆ نێو كۆشی سیاسەتێكی دیاریكراو و كەوتنە نێو چاڵی ئیسلامیەتی مامەڵەكردن تەكیە ودیوەخانانە ومەحسوبیەت لەگەڵ دەقدا قەدرێكی غەمباری ئێمەبێت .. بەداخەوە من زۆر غەمبارم..

ئێستاش ئەم گوتارانە وەكو خۆی دەخەمە بەر دیدی خوێنەران، بێدەستكاری و ڕتووش ن وەكو چۆن چوار پێنج مانگ لەمەوبەر بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتیم نارد...

ئیسماعیل حەمەئەمین

ئەڵەمانیا ٤ ڕیلول ٢٠٠٢

# ئاین لەنێوان لێبوردن و توندوتیژیدا

**( چەند پەراوێزێك بۆ وەڵامدانەوەی مەلا كرێكار / بەشی دووەم )**

**ئیسماعیل حەمەئەمین**

**٢٨.ئاپریل .٢٠٠٢**

دیارە لەووبەر باسمان لەو جیگۆڕینە سەیرەی نێوان عەلمانی وئیسلامی كوردی كرد، لە پاڵ ئەمانەدا دەبێت كۆمەڵێ خاڵیش بخەینە سەر ئەو ووشانەی بەكراوەیی باسمان لێوە كردن، یەكەم پرسیار كەووتوێژێكی كۆنینە دەهێنێتە ئاراوە پرسیاری ئاین و پرۆفانیەت(دنیایی) لێبوردنە ، ئاین و تۆلەرانس (لێبوردن) ە، لەدواجاریشدا حەزدەكەم دیسانەوە درێژە بدەم بە هەندێك خاڵ كەلەچوارچێوەی ئەم گفتوگۆیە خۆیان زیندوو دەكەنەوە، لەوەو بەر باسمان لە هەموو دووریە ڕەمزیەكانی كاری ئیسلامیستەكان كرد، بەڵام دەكرێ ئێمەش ئەو بوعدە ڕەمزیانە جارێكی دیكە بخەینە ڕوو كەبەهەمان ئاراستە هەمووان لەنێو ئەو جۆرە ئاماژە وتەشكیلاتە زمانەوانی فكریيانەدا هەڵدەسوڕێنێ و دەبێت بەبەشێك لەكلتوورمان، هاروژاندنی ئەم دووریانە بۆ سازدانی ووتوێژێكە لەمەڕ دۆزی گفتووگۆ لە كۆمەڵگەی ئێمەدا.

یەكەم كار كەدڵخۆشی كردم و تاڕادەیەك تروسكەیەك هیوای پێبەخشیم ئەو چاوپێكەوتنە بوولەگەڵ كرێكاردا، لە بەرانبەریشیدا ئەو سەراحەتە بوو لەڕادەربڕینەدا .. دیارە دەكرێ لەسەر ئەم دوو تەوەرەیە قسەبكەین لەیەكەمیاندا/ هەوڵدانی هەفتەنامەی هاوڵاتی بۆ چاوپێكەوتن لەگەڵ لایەنە ئیسلامیە نارەسمیەكان بە نمونەیەكی پۆزەتیف هەڵسەنگێنین، لەبەرامبەر ئەوەشدا هەر لەوەڵامدانەوەی مەلائەیوب و ڕەخنەكانی ئیسلامیەكان لە (هاوڵاتی) و ڕاستكردنەوەی هەندێ زانیاری لەڕوانگەی خۆیانەوە و بڵاوكردنەوەی ئەو تەسریحاتانە، كارێكە یەكەم پردی پەیوەندی بینادەكات بۆ گفتوگۆكردن، لەهەمان كاتیشدا كارێكی باش دەبێت كەهەموو كەناڵەكانی ئیعلام تەنها هەوڵی دژایەتكردنی ئیسلامیەكان نەدەن بەقەد ئەوەندەی هەوڵبدرێت گفتوگۆیان لەگەڵدا سازبكەین، ئەوان لە و بوعدە ڕەمزیەوە سەیر بكەین كەهەوڵ دەدەن گفتوگۆبكەن و بەناڕاستەوخۆ زانیاری لەمەڕ خۆیان لەڕێگەی گۆڤارو ڕۆژنامە نائیسلامیەكانەوە پەخشەسازبكەن. من پێمووایە بڵاوكردنەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەی علیمانیدا دووریەكی ڕەمزی خۆی هەیە كەدەتوانرێ لەداهاتوو و ئێستادا كاری لەسەر بكەین، ئەركێكی ئێجگار سێنترالێشە ئێمە ئەو گفتوگۆیە برەو پێبدەین ، نەك بە چەمكە ناپێناسەكراوەكانی عەولەمە و مۆدێرنە ئیسلامیەكان بە دواكەوتوویی و زۆر شتی دیكەش تاوانباركەین، كەلەزۆر خاڵدا دەكرێ هەندێك قەیرانی مۆدێرنە لەدیدی ئیسلامیەكانەوە بەدیبكەین، ،

www.kurdistannet.org 12-9-2002

تاوانبارکردنیان بەو چەمکە خێرا دەرهێنراواە لەفەرهەنگەکانن کارێکە لەخودی خۆیدا حوکمی پاتریاریارکی پەلەو دژە مۆدێرنەیە .

پێویستە ئێمە ئەوە بزانین بمانەوێت و نەمانەوێت ئیسلامیست و ئیسلامیەکان بەشێکن لە ژیانی سیاسی و تەنانەت ژیانی کلتووری ئێمە، هەموو فەرامۆشکردنێك و ڕەتکردنەوەیەکی بوونگەراییان ، فەرامۆشکردنی جومگەیەکی گرنگی ئەو کلتوورە سیاسیە یە کەقەیرانەکانی لەکەڵەکەبوونێکی سەیردایە، لەهەمان کاتیشدا نابێت ئەوە لەبیرکەین کەهۆکاری دروست بوون وبڵاوبوونەوەیان تەنها بەو پەیوەستیە سادەو ساکارانەوە نیە کەئەمان یارمەتی لەدەوڵەتێك یاوەکو حزبێك وەردەگرن، ڕاستە ئەمە لەگەمەی سیاسی ئێمەدا کاریگەری هەیە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیادچێت کە زەمینەیەکی کلتووری وسیاسی هەیە کە گەشەکردنی ئەم یان ئەو دیاریدەکات..

هەروەکو ئاماژەم پێدابوو، کەجوندلئیسلام تەمەنێکی کورتخایەنیان هەبوو کەچی قورساییەکەیان مەترسیداربوو، دیارە مێژوویەك هەیە کەئەوان لە کەلێنەکانیەوە خۆیانی پێدا دەکەن و گەشەی تێدا دەکەن، ئەو کەلێنانە مەترسیدارترین یاری سیاسەتن گەر هاتوو ئاگاداری کلتووری کۆمەڵایەتی هەڵسوارنی ئەو گروپانە نەبین لە تەشکیلە بوونیان لەنێو تێزە سیاسی و ئاینییەکاندا، ئەمە یە کێشەی عەلمانیەتی سیاسیە لای ئێمە( ببورن بەنێو عەلمانی سیاسی ئێمە) کەخاوەنی هێزی مامەڵەی سیاسیە بێئەوەی ئاگاداری کلتووری گەشەکردنی تێزی سیاسیانە بێت،بەبێئەوەی ئاگاداری زەمینە گەشەکردنی ئیبسلامیستەکان بێت لەاووی کلتووریەوە. ئەو بەنێو حزبە عەلمانیانە وامەزندەدەکەن کەسیاسەت شتێکە وکلتووری گفتوگۆ و فیکر شتێکی دیکەیە( ئەمەش خاڵی قورسی گفتوگۆ وتەوەرەی ئێستامانە) ، هەروەك ئەوەی بڵێن ئەدەبی سیاسی بەجێدێڵین بۆ خواردەکردەی جەماوەری حزبی و سیاسەتیش بۆ ئێمە، دەر ئەنجامیش ئەوەیە کەلەدواجاردا دەبێت لەگەڵ بچوکترین گروپەی سیاسی – ئاینی بچەیتەسەر مێزی مفاوەزات و کێشەی شەڕ و ئاشتیەوە، بەبێئاوڕدانەوە بۆ هەڵەی مامەڵەی سیاسیانە کەئەنجامی کەڵەکەبوونی ڕێگەدەدات ئەو هێزانە گەشە بکەن ، یاخود بەبێئاوڕدانەوە بۆ ئەو کەلێنە گەورەیەی کلتووری حزب لەخودی خۆیدا هەیەتی ، جچای کۆمەڵگە؟؟.

حزبی سیاسی کوردی نازانێ بۆ عەلمانیە بەڵام حزبی ئیسلامی دەزانێ بۆچی ئیسلامیە، ئەم بەنێو عیلمانیانە لەنێو بۆشایەکی گەورەی نێوان چەمکەکانی وەك تیتڵی بەرخواردەی حزبی و کلتووری دیوەخان و میلیشیای خێڵکەی و باوکسالاری، شێوە ئاینی لەمامەڵەی نێوخۆ و دەرەوەی حزبیدا دەناڵێنێ. ئەوی دیکە کەئیسلامیە خەتی مامەڵەی خۆی هەیە لەگەڵ جیهاندا، ئیدی لەشێوەی ئەمیرە ئیسلامیەکان یاوەکو شێخەکانی ئیسلام یاوەکو باوکە ڕۆحانیەکاندا بێت ، بەهەر شێوەیەك بێت خۆی باش ئۆرگانیزە کردووە و لە پشتیانەوە کتێب و سورەت و شەریعەت و دنیایەك جیهانبینی ئیسلامی و شەریعە تمەداریەت لە پشتیەوە وەستاوەو کاری لەسەر دەکەن.

ئەم هاوکێشەیە کاتێك ڕێك دەبێتەوە کە حزبە سیاسیەکان، عەلمانیەت یاوەکو سێکولاریتەیەکی ڕاستەقینە لەمامەڵەیاندا پەیڕەو بکەن. بە پابەندکردنەوەی ئەم تێزە بە خاڵی یەکەم کەکردنەوەی دەرگای ڕۆژنامە ومیدیاکانە، برەو بدرێت بەو خاڵەی کەئیسلامیەکان بەجودا لەکەناڵەکانی خۆیانەوە گفتوگۆبکەن و عیلمیانەو دیموکرا تخوازانە هەوڵیان لەگەڵدا بدرێت بخرێنە نێو چوارچێوەی گفتوگۆو

ووتوێژەوە، ئەم خاڵە سەرەتایە بۆ شکاندنی تەوقی تەنهاخوازی و گۆشەگیری ئیسلامیەکان، ئەو دوژمانیەتی و دژە کۆمەڵکەیە لەگرژیەوە دەهێنێتە سەر باری نەرمی، دیارە ئەمە گەر لەسەر ئاستی تاکتیکدا بەئەنجام بگەیەنرێت ئەوا ئەو گفتوگۆیە گفتوگۆیەکی ساختە دەبێت و گەڕانەوەی توندوتیژی ئەگەرێکی مەترسیدارترە لەباری پێشووتری ، بەڵام گەر هاتوو ئەو گفتوگۆیە جیدی بێت بەوەی کەئەمانیش کلێشەی خۆیان هەبێت بۆ دانپێدانی کۆمەڵایەتی و ئەگەری ئەوەیان بخرێتە بەردەم کاربکەن لەچوارچێوەیەکدا کەهەموان یەکسان گفتووگۆبن ، نەك یەك لایەنی گفتوگۆیەك وەك کۆنترۆڵێك و چوارچێوەی ووتوێژیش لەلایەن یەك یاسای تایبەتی هێزێکەوە دیارییکرێت، بواری دیموکراسی و گەشەسەندنی سیاسی شێوەیەکی دیکە لەخۆ دەگرێ کەشایانی کارکردنە لەنێویدا..

دیارە مەبەست لەگفتوگۆی هەمەلایانە تەنها دەرخستن و بەمێدیاکردنی گفتوگۆ نیە، بەڵکو جۆری بەشداری ئەوانە لەژیانی سیاسی کردەییدا، لەوانەیە لەم خاڵەدا یەکێك لەو حزبیە بەنێو عەلمانیانە ڕاگیرم بکات وبڵێت ئەی ئەوە نیە وەزارەتیشمان داونەتێ ، ئەی ئەوە نیە گۆڤار وتەلفیزۆنیان هەیە بەسەر بەستی ، ئیدی لەوە زیاتر چی ؟؟ ، ئەمە ڕاستە بەڵام لەنێو ئەم پۆزەتیفەدا نێگەتیفێتیەکی سەیر خۆی حەشار داوە، بەوەی هەموو ئەو هێزانە لەچوارچێوەی ڕێکەوتنامە سیاسیەکاندا ئەم مافەیان وەرگتووە نەك لەچوارچێوەی گفتوگۆی سیاسی؟؟. یەکەمیان کە ڕێکەوتنامەیە پابەند بووە بەو مەوقعە هەستیارەی حزبی کوردیەوە لەبەرانبەر ئێران یان هەر دەوڵەتێکی دیکەوە و دووەمیشیان کەخاڵی گفتوگۆی سیاسی پێکهاتیەکی جەمعی سیاسیانەیە بەپێی مەوقع و کردەییان لەگۆڕەپانەکەو پابەند بوونیان بە گشتی مەسەلەکانەوە ئەو مافە وەردەگرن وەك بەشێك لەو نێوەندە سیاسیە، دیارە ئەم جۆرە مافە لەبواری دیموکراسیانەدا پەیڕەو دەکرێت ، گومانێکی گەورەش لەئارادایە کەئیسلامیەکانی پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر لەو مەوقعەوە شوێنیان بوبێتەوە..

ئەمانەی سەرەوە کەباسم کردن چەند تێبینیەکی خێرا بوو لەمەڕ بەشداری کردنی ئیسلامیەکانمان لە بڕیار وگفتوگۆیی سیاسی و دژ وەستانەوەی تەریك کردنیانە ، گفتوگۆکردن وڕادەربڕینیان دەبێت سەرەتایەك بێت بۆ گفتوگۆ نەك تۆمەتبارکردن ، زمانی تۆمەتبارکردن زمانێکی دژە لۆجیکە ، زمانێکە زیاتر گرژی ودوور کەوتنەوە بینادەکات وەك لە چارەسەر ونێزکبونەوە، لەم گۆشە نیگایەوە ئەو سەراحەتەی مەلا کرێکار زۆر قبوڵە بەو ئەندازەیەی کەسەرەتا بێت بۆ گفتووگۆ نەك تۆمەتبارکردن.. بۆ ڕەخنە، نەك بۆ گۆشەگیرکردن.

لەم خاڵی دژە گۆشەگیرکردنەوەی گروپەسیاسیەکانی نێوەندەکە ، دەگەینە خاڵی دووەم / کەئەویش (تۆلەرانس /لێبوردن)ە چەمکێکە دەبێت لەئاستی گرژبوونەوەی ڕووداوەکاندا هێزی تاقیکردنەوەی خۆی وەر گرێ و پێوانەکارێك بێت بۆ مامەڵەی سیاسیانەمان، لێرەوە کلتووری سیاسی مانایەك و کلێشە بەندیەك لەلێبوردندا بۆ خۆی دەدۆزێتەوە ،لەو فەوزایە سەیرەی گۆڕانی تەسریح و جیهانبینی سیاسی و قلپ بوونەوەیە قوتار دەبێت و دەیگۆڕێتە سەر ئاستێك کەنێوی ئاستی لێپسراوێتیە بەرامبەر کلتوور بەگشتی ، ئەمەش لەدوا وێستگەدا کلتووری سیاسی شێوەبەند دەکات.

بۆ ئەوەی بتوانین باس لە تۆلەرانس بکەین وەك بنچینەیەك بۆ گفتوگۆ کەتێدا یەکێکی وەك کرێکار بەسەربەستی نەك بەڕقەوە داکۆکی لەڕاکانی بکات، پێویستە لەسەرمان لەگفتوگۆی سیاسی

هەمەلایەندا جوداوازی بکەین لەنێوان (بەها و جیهانبینیەکان)، لەنێوان ئەو بەهایانەی هەمووان وەك مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیە پێکەوە دەبەستێت و گرێدەداو جیهانبینیش وەك پاراستنی فەردیەت و تاکخوازی خۆمان لەنێو ئەم تۆڕە کۆمەلایەتیەدا، لەخاڵی فەردانیەت و ئیندیڤیدواڵەوە پرسیاری لێبوردن پرسیارێکی گرنگە کە پابەند دەبێت بە کۆمەڵێك یاسای ناوەکی خۆی ، گفتوگۆو پەیوەندیەکان پتەو تر دەکات وەك لەوەی پەیوەندیەکان لاوازبکات.

زیاتر باس لەم خاڵە بکەین ئەو بەهایانە گرنگن کەهەمووان پێکەوە دەبەستێتن بۆ نمونە بەهای هاولاتیبوون، شەرعیەتێکە بۆ ئەوەی من لەیەکێکی دیکە جیابکاتەوە ، پێوانەکاریکەی ئەخلاقیە کە من و بۆنمونە (ڕابوردووپیسێك ) لەیەك تای تەرازوودا نەکێشێت ؟؟، بەهایەك من بەهاوڵاتیبکات و بەوی دیکەش بلێت تۆ پێویستە هەوڵ بدەیت کار لەڕابوردووی خۆتدا بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت لەم کۆمەڵگەیەدا بژیت و جێت بێتەوە، کار بکەی بۆ دوارۆژی خۆت و ئەو خەڵکانەی زەمەنێك خیانەتت لێکردوون، لێرەوە ئەم مۆراڵە چەندە ڕەق و توند دەنوێنێ دەئەوەندەش فریادڕەسی ئەو چەمکەیە کەنێوی هاوڵاتیبوونە، ئەو هاوڵاتیەی لەم نیشستمانە و لەمەنفاکانیشدا خەون بەکوردستانێکی ئازاد دەبینێت و کار لە وبوارەدا دەکات کەبەردێك بخاتە سەر بەردێك و هەوڵدەدات و هەڵەش دەکات ، جوداوازە لەوکەسەی لەنیشتماندا مێژوویەکی پڕ ناشرینی هەیە و مانەوەی لەکوردستان دەکات بەرگەی تەرەدود و دەیەوێت بەهەمان شێوە بەردەوامی بدات بەیاریەکانی خۆی ، ئەم هاوڵاتیبوونە کەقسەی زۆر لەسەر کراوە ودەبێت زیاتریش قسەی لەسەر بکرێت کرۆکی پێکەوە بەستنمانە، لێرەوە بەتەسەوری من شەرعیەت بەخشین بەخۆ وەك هاوڵاتیەك ئیشکالیەت و کێشەبەندیەکی زۆر بەئازارە، بەلام سەیر لەوەدایە لەسەر ساناترین ئاست ئەم چەمکانە پیادەنەکراوە ، هەمیشە پرسیاری بەشەرعیەت بوون و بەهاولاتیبوونیەت دواخراوە، لەگەڵیشیدا بەئۆتۆماتیکی پرسی لێبوردن وتۆلەرانسیش دەبێتە چەمکێکی دواخراو بۆ زەمەنێکی چاوەڕوان نەکراو ..

نمونەیەکی دیار یەکەم هەنگاوی حزبەسیاسیەکان بوو لە بەرانبەر ئەو جاشانەی چەندەها ساڵە کوردکوژیان کردبوو پیشەی سەرەکیان، ماڵیان تالان کردبوو،ئەنفال بەشێکی زۆری ئەوان کردیان و پێش سوپا کەوتن ، خەڵکیان لەزیندانەکان توندکردبوو، تەعدایان لەناموسی خەڵك کردبوو..هتد، ئەوانە لەشەو و ڕۆژێکدا بوون بە فریشتە و بەحونجەتی ئەوەی ئەوان هێزێکی گرنگن لەڕا پەڕیندا، کەچی ڕەوتی ڕووداوەکان وەك هەمووان ئاگاداربووین بەو شێوەیە نەبوو، ئەوانەی کەڕا پەڕینیان سەرخست ئەو جاشانە نەبوون کەدەستیان بەخوێنی ئێمە سوور بوو ، بەڵکو ئەو هاوڵاتیە کوردانە بوون بەرگریان لە کەیانی خۆیان دەکرد بەرامبەر داگیرکەر، دەکرا ئاوەها گێلانە نەکرابان بە پاڵەوان، دەکرا فرسەت بدرایە بەهەموو یەکێك ( ڕابووردووی خۆی کارسازیبکات) لە ڕا پەڕیندا ، بەلام ئاوەها باوەش پێدا کردنیان کارێکی ئێجگار هەڵە بوو کەلەئەنجامدا هەمووان باش دەزانین ئەوەی تاوەکو دوا هەناسە ئاژاوەی دەنایەوە وجۆشدەری شەڕی ناوخۆو ودزی وتالانی بوون و شەڕە عەشایرو تەنانەت ڕەشەکوژی ژنان بوون، لەشارەکاندا هەر ئەوانە بوون لەشەو و ڕۆژێکدا مەدالیای پێشمەرگایەتی وپاڵەوانیان پێبەخشرا بێئەوەی ڕۆژێك بۆ ئەم کۆمەڵگەیە کاریان کردبێت.. بەهەر حاڵ لەم نمونەیەدا ونبوونی پێوانەکاریەکی ئەخلاقی دەبینین کە ئەم لەوی دیکە جیابکاتەوە، ئەمەش لێدانێکی

مەرکەزی بوو لە چەمکی تۆلەرانس ؟؟، بەڵێ .. لێدانێك لە چەمکی لێبوردن، بەوەی زۆر لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگە کوردیەمان لەهەموو دەزگا کوردی وحزبەکاندا ، ئەم یان ئەویان دەبینی لە تەنیشتیانەوە وەك ئەوان قسان دەکات و ڕادەردەبڕێت و تەنانەت دەنگیش دەدات و کاریگەری هەیە لەسەر بڕیارەکان، هەر وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ؟؟، ئەم پرسیارەی هەموو یەکێکە لەئێمە ( بەجیاوازی بیروڕاو بۆچوون و پەیوەندی حیزبیمان) کە لەخۆی دەکرد ئەوەبوو ، کەواتە من کێم ؟پرسیارێك بوو لەسێنتەری ( بوونگەرایی/وجود) کەسەکانەوە سەریهەڵدا، من کێم ؟؟ گەر ئەویش وەك من لەڕووی ئەخلاقیەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەر ئەوەندەش نا بەڵکو ئەوانە ئێستا ئەو کەسە دڵسۆزانە تاوانباردەکەن بەکەموکورتی و هەندێك جار بەخائین دژی ( هەرێم) ناویان دەبەن .. ئەمە گاڵتەجاریەکە چەمکی تۆلەرانس هەڵدەگەڕێنێتەوە بۆ تراژیدیاترین گەمەی کوشندە، چونکە ئەو تاوانبارەی لە تەنیشت بێتاوانێکەوە دانرا بەنێوی لێبوردنەوە بوو، بەنێوی تۆلەرانسەوە بوو، بەنێوی ئەوە بوو کەمرۆڤ( قابیلی گۆڕانە) ، ئەمە نەك برەو دان نەبوو بە چەمکی تۆلەرانس ، بەڵکو شێواندنی ئەو چەمکە بوو ، لەگەڵیشیدا تێکەڵکردنی وەرەقەکان بوو لەسەر مێزێك کەمۆڕاڵی هاوڵاتیبوونیەت لەم هاوکێشە عەجاییەدا هیچ بەهایەکی ئەو تۆی بۆ نەمابۆوە .

ئەم ونبوونە ونبوونی مۆڕاڵێکی گشتیە کە پابەندن( بەهاکانەوە) و بەهاکانیش پێکهاتەی ئەو مۆڕالەن کەمن لەوی دیکە جیادەکاتەوە، لەم خاڵبەندیەی ئەزموونی ئێمە لێبوردن ووندەبێت لەنێو کۆمەڵێ هەستکردن بە نزمبوونەوە، شکستەخواردوویی ، ڕق و بێبەهایی و لەدواجاردا لامسەلایی و گوێنەدان بەهیچ ، مادامەکی من وئەوی ڕابووردوو پیس یەکبین، کەواتە منیش دەبێت فریای خۆم بکەوم و هەزار لەعنەت لە لێبوردنێك من و تاوانبارێك دەخاتە تای تەرازوویەکەوە.. ئەمە سایکۆلۆژیەتی وونبوونەی بەهاکانە کەسەرجەم مۆڕاڵی گشتی پێك دێنێت.

لێبوردن کەناڵیزەکردنی دەوێت و بەهاداری خۆی دەوێت بۆئەوەی بتوانرێت برەوی پێبدرێت، گەر لێبوردن لەو شێوە سانایە پراکتیزەبکرێ ئەوا لە ڕق زیاتر بەرهەم ناهێنێ، جگە لەقبوڵ نەکردنی یەکتری و شەڕی بیروکراسی و خۆکوژی زیاتر هیچی دیکەی لێبەرهەم نایەت. بەهەمان شێوە ئەم شێواندنەی چەمکی لێبوردنە بەرەو قبوڵنەکردنی یەکتر و مەتەرێز هەڵکەندن لەدژی یەکتر ڕا پێچی کردین، مادامەکی هەموو شێتێك لە شەو و ڕۆژێکدا بەهای خۆی دەگۆڕێت کەواتە هەموو شتێك قابیلیەتی کردنە بێترس لە ئەخلاقێك یاوەکو چەترێکی کۆمەڵایەتی من تەریکەبکات و پێیم بڵێت تۆ هەڵە بووی ، تۆ ئەوەی کەهەیت و دەبێت خۆت چاکبکەی ، نەك هەموو شتێك وەکو ئاو بڕوات و هەمووان لەیەك مەنجەڵدا بکوڵێنرێین .. ئیدی علیمانیەت و مامەڵەی عیلمانی وحزبی عیلمانی لەم هاوکێشەیەدا چ مانایەکی هەیە کە بچوکترین پێوانەکاری وپرنسیبی ئەخلاقی مامەڵەکردن ڕەچاو نەکات؟؟.

مەلا کرێکار ڕاست دەکات؟؟ .. کامە دیموکراسی ؟؟ ، کامە کەئەوەی بەڕابوردووی پیسەوە دێتە حیزبەوە وەکو ئەوە وایە کەبەدڵسۆزی کاردەکات، کامە تۆلەرانس کەئەوەی ئەمڕۆ جنێوی پێدەدەین ڕۆژی دووەم دەبێت ئاگاداری هەستی ناسکی بین، ئەم هەموو نامافوڵیەتە، ئەم هەموو چەمکە تێکشکاوانەی کارکردن بەتەئکید یەکێکی وەك کرێکار و جوندولئیسلامت لێدەکات بە پاڵەوان ، مادامەکی نەلێپێسراوێتی هەیە

www.kurdistannet.org 12-9-2002

و نەلێبوردنێکی حەقیقی هەیە کەلەسەر بنچینەی گفتوگۆ بینابوویێت نەك لەسەر بنەمای ڕێکەوتنامەو بەنێو تاکتیکی حزبییەوە.

تۆلەرانس پێویستە بەوەی ئەوی بەرابەر هەڵبسەنگێنین و مەوقعی خۆی پێبڵێین قەیدی نیە باهەموو جاشەکان بەر لێبوردنی گشتی بکەون، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نیە بەئاسانی لەهەموو دەزگا و حیزبێکدا جێگەیان ببێتەوە، چ نەبێت دەبوایە چەند ساڵێك تێپەڕ بایە، خۆجارێ گەر مەزەندە بکرێت ئەوانە نوێنەری توێژی عەشایری کوردین ، ئەوا هەڵەیەکی گەورەیە؟؟، بەهەرحاڵ لەم نمونەیەوە باسی ئەو لێبوردنە دەکەین کە پێویستە هەبێتن قەیدی نیە با تۆش چەند ساڵێك وەك ئەوانی دیکە هەوڵبدەیت دانپێدانانی کۆمەلاّیەتی بۆ خۆ ت بپچڕیت، بۆ ئەوەی لەسلبیاتەکانی ڕابوردوو قوتار بیت، تۆلەرانس ئەو بوارە دەخاتە بەردەم هەمووان جارێکی دیکە خۆمان بەخۆماندا بچینەوە، نەك خۆمان لەبیر بکەین.

تۆلەرانس بەدیوێکی دیکەیدا یادەوەریەکی کۆمەلاّیەتی ومێژوویی دەپارێزێت، سەیرە، هەر ئەوەی کە دوێنێ لە ڕۆژنامەکانی زەمەنی حکومەت نەیدەهێشت گوتار وچیرۆکی نوسەر جیدیەکان بلاّوبێتەوە ، هەر ئەو کەسەیە کەئێستاش سانسۆر دەکات و گەر بلاّویشی بکاتەوە ئەوا دەیشێوێنێ ، تۆلەرانسی عیلمانی کوردی ئەوەندە مەزنە کە یادەوەری دەسڕێتەوە، شوێنێك نیە بۆئەوەی ئەوی دیکە فۆتۆی خۆی تێدا ببینێتەوە، خۆ گەر لەسەر ئاستی فەردیش ئەو یادەورەیە زیندو بکەیتەوە ئەوا بە کینەلەدڵ و ئەخلاقیاتیی بەعسیانە تاوانبارت دەکەن، ئەمە تۆلەرانسێکی گاڵتەجارێکە نێوی خۆی ناوە عیلمانی.

لەم فەوزایەی سڕینەوەی یادەوەریەدا بەنێوی تۆلەرانسەوە، هەموو دوژمنایەتی وئەگەرەسیڤیەتێك ڕەوایی خۆی وەردەگرێ مادامەکێ بۆ سبەینێ خوێنی ئەم شەو لەژێر تیتلی لێبوردندا لەناودەچێت، کەی بینیمان سەکردەیەکی کورد بڵێت من هەڵەم کرد، ئێمە ئاوەهامان کرد بەلاّم ئەمە هەڵە بوو.

(ڤیلی برانت)ی سەرۆك وەزیرانی کۆنینەی ئەڵەمانیای دوای جەنگی جیهانی دووەم، لەسەردانێکیدا بۆ پۆلۆنیا هاتە سەرچۆك و داوای لێبوردنی کرد لەهەموو ئەو تاوانەی کرد کەنازیەکان لە پۆلۆنیادا ئەنجامیان دابوو، تاوەکو ئێستا مرۆڤی ئەڵەمانی خۆی بەتاوانبار تێدەگات بەرامبەر تاوانێك باپیرانیان کردوویانە و ئەوان نەیانکردووە. تەنانەت ئەو (لەڕابووردوو کارکردنە) بە تەعبیری ئەدۆرنۆ، گەیشتۆتە ڕادەیەکی پارادۆکسی، کەزۆر جار ناتێگەیشتنی گەورەی بەدوودا هاتووە، بۆ نمونە ڕۆمانووسێکی وەك ( مارتین ڤالسەر) لەگوتارێکیدا گووتی / کەتەلفیزۆنەکان باس لەو تاوانباریە دەکەن من ڕوودەکەم بەودیوودا؟؟، دیارە ئەو مەبەستی ئەوە بوو کەئیدی دەبێت ئەم هەستکردنە بەتاوان کۆتایی پبێت و ئەم چیرۆکی ناسیونال سۆسیالزم بۆ ئەبەد بسڕێتەوە، سڕینەوەیەك بۆ هەتایی نەك لەبیرکردنی . دیارە ڤالسەر بەوە تاونبار کرا کە دەیەوێت یادەوەری ئەڵەمانی لەو هەستکردنە بەتاوان قوتاربکات، تائێستاش ئەو ڕۆمانووسە کەمەبەستی ئەو کۆتایی هێنان بوو بەچیرۆکێکی دێرین و فەوتاندنی ئەو مێژووە ڕەشە بوو ، بەو ناتێگەیشتنە تاوانبار دەکرێت و کۆڕەکانی لێدەشوێنێنن. ڕۆمانووسێکی وەك ڤالسەر نایەوێت یادەوەری کۆمەلاّیەتی ومێژویی چیرۆکەکانی خۆی لەبیربکات بەلاّم هەندێ گرووپە لەو ترسەوەی کەهەستکردن بەتاوان و نەرمکردنەوەی چیرۆکەکانی نازیەت لەدووتوێی ئەم قسانەوە خۆی حەشار دابێت دژی ڤالسەر ئەکتیڤن.. دیارە زۆر نمونەی دیکە

هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان تۆلەرانس و یادەوەری مێژویی کۆمەڵگە، بەڵام ئەوەی کەهەموو ئەمانە پێکەوە گرێدەدا بەهاکانە وەك پرنسیبی کارکردن و مامەڵە کەهەمووان لەژێر ئەو چەترەدا خۆمان و شوێنای خۆمانی پێ دیاری بکەین و پرنسیبی گفتوگۆی سیاسیانە بێت لەگەڵ یەکدیدا، تەسەور ناکەم لەو ساتەدا کرێکار جورئەتی ئەوە بکات بڵێت کامە دیموکراسی و کامە علیمانیەت؟؟..

لەم خاڵەوە دێنەوە سەر چەمکی لێبوردن و دەڵێین لێبوردن ئەو ئیشکالیەتە لەخۆ نەگرێ وچارەسەری نەکات ناتوانێت لێبوردن بەرهەم بێنێت و ناشتوانێت لەدواجاردا گفتوگۆ بەرهەم بێنێت ، لەدوا وویستگەشدا شەڕ و ترازنی کۆمەڵگە لە پارادۆکسیەکانی شەڕی بێهودەدا چەندەها هەنگاو دەمانباتە دوواوە . لەم خاڵەوە دەمەوێت باس لەوە بکەین کە لێبوردن لەگەڵ ئیسلامیە کوردیەکاندا چەندەها ئیشکالیەتی لەبەردەمدایە ، ئەم ئیشکالیەتە وادەکات کە دژایەتیکردنی کوێرانە بۆ حیزبی کوردی ئاسانتر بێت وەك گفتوگۆکردنی لەگەڵیاندا..

کێشەبەندی لە( ڕابوردووکارکردندا) و کێشەبەندی ( بەها گشنیەکان) و مۆراڵی کارکردنی سیاسیانە، چەمکی لێبوردن پەیوەست دەکەن بە تێگەیشتنێکی هەمەلایانەی زۆرانبازیەکان و دوورکەوتنەوەیە لە زمانی شەڕ، دیارە دەبێت ئێمە ئاوڕ لەکۆمەڵێ کاراکتەری جودای ئیسلامیەکانی خۆمان بدەینەوە و هەوڵبدەین لەگەڵ ئیسلامیەکانی دیکەی ئەفغانی و قاعدە نەیانکوڵێنین، ئێمەجوداوازین لە بیروڕادا بەلام ئەمە شەرعیەتی گۆشەگیرکردنی ئەوانمان پێنابەخشێ، بەهەمان شێوەش هەموو هێزە سیاسیەکانی نێو کۆمەڵگە ، نمونەی حیزبی کۆمەنیستی کرێکاری نمونەیەکی ئێجگار غەمبارە کە ئاوەها وەحشیانە پەڕاوەزە کران، یاوەکو قەدەغەکردنی پارتی کاری سەربەخۆ و حەلبوونی هەندێکیان بەناچاری لەنێو حزبی شیوعیدا ، ئەمانە لەکاتێکدا کە ڕێکەوتنامە و پەیمان بەستن لەگەڵ ئیسلامیە توندەکاندا لەئارادایە، ئەمە پێدەچێ لەسەر ئەو پرنسیبە پڕ هەڵەیە کاربکەن کە دەڵێت : ئەمان تێك و پێك بشکێنە کەمەترسیان نیە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان ، و ئەوانی دیکەش بخەرە نێو پەیمانامەکاتنەوە؟؟، ئەوەی کەدەتەوێت لەگەڵیدا ئاشنبیتەوە، ڕۆژی دووەم بەئاشکرا گاڵتەجاری دەکات بە پەیمان بەستنی لەگەڵ تۆدا، بەلچکو پاش ماوەیەکی دیکە عافواتت بۆ دەردەکات ؟؟، ئەمە تێکچوونی پێوانەکاری بەهاکانی سیاسەت و ئەخلاقی سیاسیانە و لەدوایشدا نەبوونی ئەو جیهانبینیە کەفیگورێکی ڕوون و ئاشکرات پێدەبەخشێ.

دیارە گەڕانەوەی ئەو دووپارتە ( کۆمەنیستی کرێکاری و پارتی کاری سەربەخۆ ) بۆ نێو گۆڕەپانەکە مەرجێکی سەختی ئەو گفتوگۆیە کە دەبێت بەهەمووان برەوەی پێدەبین لەچوارچێوەی قسەکرنمان لەسەر چەمکی تۆلەرانس ، لەهەمانکاتیشدا نابێت ئیسلامیەکانی گۆڕەپانەکەش(بێگومان بە بەرچاوگرتنی نیازەکانیان) گۆشەگیر بکرێن، ئەم گۆشەگیرکردنە مەترسیدارترین پرۆسێسە کە درێژە دەدات بەشەڕێك ئیسلامیەکان دەتوانن چەمکی جیهادی خۆیان درێژە پێبدەبن و زیاتر لەوەهمەکانی خۆیاندا گێنگڵ بدەن، لە پاڵ ئەمەشدا لەجیاتی چوونە نێو تەحالوفات و پەیمانبەستی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی نێو کۆمەڵگە پەنابەرنە هێزەکانی دەرەوەی ئەم کۆمەلگەیە.

ئـەم جـۆرە بیرکـــردنەوەیە لــە تۆلــەرانس ڕێگەیەکی درێژ و سەختە ، ڕێگەیەکە زیاتر پشوودرێژی و پرسـکردن و کـردنەوەی دەوێـت بەسەر  هەموو ڕاوێژو سەربەستی ڕادەربرینێك کەگوێچکەی کەڕی خۆیت نەداتێ ، بەڵکو گوێچکەی ڕاستەقینەی گوێگرتن پراکتیزە بکات .

لــەخاڵی تۆلەرانســەوە لــەوە تێدەگەین کە ئەوی بەرامبەر بەسووك تەماشا نەکەین ولەهەمانکاتیشدا نەیکــەین بە ئەفسانەیەکی تەمومژاوی کەتوانای بەرهەمهێنانی ڕەمزی خۆی هەبێت، بۆ ئەم مەبەستە حەزدەکەم کەمێك لەسەر ئەم خاڵــە هەوڵو یستە بکەم، بەوەی لەیەکەم ڕوانیندا ئەبێت ئەوە بزانین کە کاراکــتەری ئیســلامی  یاخود ئیسلامیستی کوردی جودایە و  دانپێیدانان بەو جوداوازیە مەرجێکی گرنگی گفــتوگۆیە، دیــارە ئەمــەش بەســەر کۆمەنیســتی کرێکاریشــدا  پراکتــیزە دەبێت، بەڵام مادامەکی ئێمە گفــتوگۆیەك هەڵدەسوڕێــنین لەســەر ڕۆشنایی ئیسلامیستێکی وەك بەڕێز مەلا کرێکار، ئاوا لەم بازنەیە دەرناچــین و دەڵێــین دانپێیــدانان ئــەو مەرجە سەختەیە کەزۆر پرسیار و ئاژاوە و ناڕێکی بەدووی  خۆدا دێنێــت، جۆرێــکە لەیاری گومان لەنێو خودی ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ دژەکەتدا بەئەنجامی دەگەیەنی ، ئەم دانپێدانانە خاوەنی جوداکاری خۆیەتی ، بەمانای خاوەنی ووردکردنەوەیە بۆ سەر چەندەها خاڵ ، دەکرێ من دانپێدانم هەبێت بەو فەردانیەت و سەراحەتەی کرێکار ، لەچوارچێوەی گفتوگۆی سیاسی دوور لەتوندوتیژی، ئەو توندوتیژیە فیکری و ڕادەربرینەدا هەموو ئەم ڕایانە  قبوڵبکەم ، پێم باشبێ هەموو دژە ڕایــەکم بڵێت من هەم و دەمەوێت هەبوونی سیاسی وفیکریم بسەلمێنم، بەڵام لەوانەیە کۆمەڵێ خاڵ هەبێــت لەســەری ڕێــك نەکەوین ، ئەم ڕێنەکەوتنە گەر دانپێدانان بەقەوارەی یەکدی بەدوایدا نەیەت دەبێــتە قبوڵــنەکرد ن و ڕەتکــردنەوەی یەکــتر ولەدوا جاریشدا هەڵوەشاندنەوەی هەموو پرنسیبەکانی گفتوگۆ و کاتتێکیش ئەم دەرگایە دادەخرێ ، دەرگای شەڕ و ئەگرەسیڤ  دەکرێتەوە..

دانپێدانان بەشێکە لەتۆلەرانس و تۆلەرانسیش وەکو لەوەو پێش باسمانکرد خاوەنی پێوانەسازی خۆی هەیــە ، خــاوەنی مۆراڵــی خۆیــەتی ، خــاوەنی پێــوانەکاری شەڕ و خێرە بەهەموو ماناکانیەوە، مێژوو یادەوەریــەکی دووری هەیــە کەئــەو بەهایانــە بینا دەکات و لەگەڵیشیدا جیهانبینیەکانیش ڕۆڵی گرنگ دەبیــنین لــە بیــناکردنەوەی بــەردەوام و تێکشــکاندنی بەهاکۆنینەکانی ، جیهانبینیەکان  و بەهاکان دەبێــت لە پرۆسەی تۆلەرانسبوونماندا جیابکرێتەوە، بەهاکان یەکمان پێدەگرێتەوە و کۆماندەکاتەوەو جیهانبینیەکانــیش لەژێــر چــەتری تۆلەرانسدا گەمەی خۆیان دەکەن و لەم گەمەیەدا ئەو پرسیارانەی دەیــبەنەوە و  دەبــنەوە بــەها ویاســای گشــتی و ئەوەشــی کەجوداوازین لەسەرین جارێکی دیکە لە ژێر چــەتری تۆلەرانســدا شێــوازی دژەکــاری سیاســی و فــیکری وکۆمەڵایــەتی وەردەگرێــت بەبێــئەوەی بەهاگشتیەکان بریندار بکات و بەرەو تێکچوونی ئەم گەمە دیموکراسیانە ڕا پێچمانکات .

لــەم گۆشــەنیگایەوە (دانپێــدانان) بەوی بەرامبەر بەڕەچاوکردنی مێژووی کارکردن وتایبە تمەندێتی ، بەشێــکە لەچــەمکی تۆلــەرانس ، بەگەڕانەوە بۆ  باسکردن لەسەر ئیسلامیە کوردیەکان ئەو دانپێدانانە بەرهــەمی خــۆی هــەبووەو زۆر لــەو حــیزبە ئیســلامیانەی کــەکار دەکــەن لەگۆڕەپانەکەدا ( بۆ  نمونە یەکگــرتووی ئیســلامی ) ئەو ڕاستیەیان سەلماندووە کەئیسلامی کوردی خاوەنی تایبە تمەندی خۆیەتی و ناکرێ لەیەك مەنجەڵدا لەگەڵ ئیسلامیەکانی ئەفغانستان وچیچان و بزووتنەوەکانی دیکە بکوڵێنرێن، ئــەمان تایــبە تمەندی خۆیــان هەیــە و ئــەرکی هــەموان وتەنانــەت ئیســلامیە کوردیەکانیشــە ئــەو

تایبەتمەندیە ودەر بخەن وکاری تێدا بکەن. لێرەوە دانپێدانان بە خاسیەتی جوودایان مەرجێکی سەختە بۆ راپێچکردنیان بۆ نێو گەمەی ئەو دیموکراسیەی کەهەندێکیان بڕوایان پێ نیە.
دەکرێت ئازیزم کرێکار بڕوات بەدیموکراسی نەبێت ، بەلاّم لە نموزەجێکدا ئەو حوکمە شەریعە تمەداریەت نێزیك بخەرەوە لەو جۆرە دیموکراسیە ، بێگومان ئەگەر هاتوو خاوەنی شتێك بیت کە پێدەڵێن شورا وقەناعەت!!. بۆ هیچ نا.. بۆ ئەوەی تێت بگەین و هێزی قەناعەتت لەنێو گۆڕەپانەکە بخەیتە کار نەك هەڕەشەکانت لەدیمورکراسی و عافوات دەرکردن .. تۆش ئازیزم وەکو هەمووان لەهەمان ڕیزی ئەو( کۆیلەسیاسیانە)ی گاڵتە بەهەموو شتێك دەکەن ناوی لێبوردنە، لێبوردنێکیش بەرهەم دێنن کەهەر خۆتان دەیناسن وهەر خۆشتان پێناسەی دەکەن، لێبوردنێك تا بینەقاقای توندوتیژیە وجگە لەشەڕێکی دیکە وخوێنێکی دیکە کەنەوەکانی تێدا دەسوتێن هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێت.
بە پێچەوانەی ئەو گاڵتەجاریەی سەرەوەی چەمکی بەرهەمهێنراوی لێبوردنی بەنێو سیاسی و ئیسلامی کوردی، لێبوردن لەسەر زۆر تەوەرەی ڕاستەقینەیی جیهان کاردەکات، نەوەکان دەخاتە بەردەم تاوتوێیە مێژوویەکان، نەوەکان جارێکی دیکە ئەو زەویە دەبینین کەهەنگاویان لەسەری دەنێن. پابەند بوونێك بەرهەم دێنین کە پابەندبوونی مرۆڤە بەحەقیقەتەوە، نەك بەکۆمیدیایەکی ڕەشەوە. ..
ئەم پابەندبوونەمان بەدانپێدانی هەموانە بۆ یەکتری و پاشان قبوڵکردنی یەکترە وەك بەرامبەروێژێك (محاور) ، بەرامبەروێژێك جودایە لەگەڵتدا، جیهانبینی خۆی هەیە بەلاّم دوژمنت نیە.
ئێمە پێویستمان بە بیناکردنی فیگوری بەرامبەروێژ هەیە بۆئەوەی لەم قۆناغە مەترسیدارەدا جێگەیەك بۆ خۆمان بکەینەوە، بوونی [بەرامبەروێژێك/ محاور] لە لێبوردنەوە خۆی بینا دەکات، گرنگی سکولاریستیەت لەکارکردندا ڕاپێچکردنی ئەوی دیکەیە بۆ گفتوگۆ ، داماڵینێتی لەهەموو ئەفسانەکانی کەبەرەو ڕەمزیەتێکی دوژمنگەرایی ڕاپێچ بکات، ڕەخنەیە بەهەموو ئاستەکانیەوە، ئەمانە هەمووی تۆلەرانسێك پێکدێنێ کە بەرگی ساختەی عەلمانی سیاسی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لەهەمانکاتیشدا ئاین ناکاتە ئەو ماشێنەی کەتەنها توندوتیژی بەرهەمبهێنێ ...

..........................................................................
.............

ئیسماعیل حەمەئەمین
٢٨.ئاپریل .٢٠٠٢
نورنبێرگ –ئەڵمانیا